وەزارەتی دارایی عێراق و دەزگایەکی هاوکاری ژاپۆن ڕێکەوتنیان واژوو کرد



وەزارەتی دارایی عێراق ڕایگەیاند، لێگەڵ دەزگای هاوکاری نێودەوڵەتی ژاپۆن (JICA) لە عێراق ڕێکەوتنێکیان بۆ وەرگرتنی قەرزی دارایی بۆ بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار واژۆکردووە. دەشڵێت، " ئەو قەرزەی وەردەگیرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لە سەماوە تەرخان دەکرێت".

تەیف سامی وەزیری دارایی عێراق ڕایگەیاند، لە پێژۆکەدا وەستگەیەکی پاککردنەوەی ئاو لە سەماوە لە پارێزگای موسەنا دادەمەزرێنن کە دەبێتە یەکەم وەستگە لە ناوچەکەدا و کەرتێکی تایبەت دەبێت بە پاڵاوتنی ئاو و جیاکردنەوەی ئەو خوێیەی لە ئاوەکەدایە.

وتیشی، بۆ جێبەجێکردنی پێژۆکە بڕی ئاوی خواردنەوە لە پارێزگاکە زیاد دەکات و ئەوش یارمەتیدەر دەبێت بۆ دابینکردنی بڕی ئاوی پێویست بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

ئاماژەی بۆش کرد، واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتنە لە چوارچێوەی هەوڵ و پلانەکانی حکومەتی عێراقە بۆ جێختکردنەوە لەسەر گرنگی دابینکردنی پاڵپشتی دارایی بەشێوەی قەرز بۆ پێژۆ وبەرهەنانە ئابووریەکان و درێژدان بە هەوڵە هاوبەشەکانی نێوان عێراق و ژاپۆن.

لایخشییەو، یەندا جین نوێنەری دەزگا ژاپنییەکە ئاماژەی بەوەکرد، پالپشتیکردنی دارایی پڕۆژەکە هەکار دەبێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریە نەرێنییە ژینگەییەکانی گەشانی کشوهەوا لە پارێزگاکەدا.